ڕۆژی دووشەممە(2014/10/13) بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی پێشوازیکرد لە بەڕێز(بێرن لەنگە)سەرۆکی تەکنەلۆجیاوڕاهێنانی ئەورووپی و شاندی یاوەری کە پێکهاتبوون لە (د.دێرك جانکۆوسکی) بریکاری(ETTC) خاتوو(هایدی مێرك)نوێنەری تایبەت(ڤۆلکار وێلدنەر)و(گاری کێنت)ئەندامی بۆرد و(د.کارین)راوێژکار،(جیهاد زێڕۆ)بەڕێوەبەر،(کاروخ عبدالله)جێبەجێکاری پرۆگرام.

سەرەتا وێرای بەخێرهاتنی گەرمی شاندی ناوبراو (د.عبدالرزاق) بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی مرۆیی(د.جمال رسول)راوێژکاری تایبەت لە وەزارەتمان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بە سەردانەکەی سەرۆك و ئەندامانی بۆردی (ETTC) و خاتوو(هایدی مێرك)نوێنەری تایبەت لە وڵاتی ئەڵمانیاوە هاتبوون بۆ کوردستان .

لەم کۆبوونەوەیەدا تیشك خرایە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستان و چۆنییەتی هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتمان و بەشداریکردنی لە چارەسەری ئەو کێشانە کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە لە ئێستادا.

دواتر بەڕێز(بێرن لەنگە)و تەواوی ئەندامانی بۆردەکە ئامادەیی خۆیان دەربری لە هەماهەنگیکردنی وەزارەتمان بۆ ئەنجامدانی پرۆژە هاوبەشەکان و دەستنیشانکردنیان بۆ ئەم مەبەستەش خاتوو(هایدی مێرك)گرنکی کۆششی بەردەوام و بەهێزکردنی کارگێڕی خستەڕوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو چارەسەرکردنی قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان.

کۆبوونەوەکە کۆتایی هات بە چەند پێشنیارێك بۆ ئەوەی وەك دەستپێك کاریان لەسەر بکرێت و هەنگاوە کرداریەکان لە دانیشتنی داهاتوو لەگەڵ سەنتەری ناوبراو تاوتوێ بکرێن.

1-پێداچوونەوەی پرۆژەی ئەکادیمیای ڕاهێنان لەگەڵ(ETTC)کە پرۆژەیەکی پەرەپێدانی مرۆیی هاوبەشەو گونجاندنی بە پێی بارودۆخی ئێستا.

2-هەماهەنگیکردن بۆ بەشداریکردن لە دابینکردنی هاوکاری بۆ ئەم ئاوارانەی کە ڕوویان کردۆتە هەرێمی کوردستان.

3-کۆکردنەوەی زانیاری لەسەرئەزموونی ئێستاکەی ئاوارەکان و دەستنیشانکردنی پێداویستی هێزیکار لە بازاڕ.

4-کرنەوەی خولی پیشەیی بۆئاوارەکان و فێرکردنی کارامەیی پێویست و ئامادەکرنیان لە بواری جۆراوجۆر.